# ساتییره هەواڵ

سەردار عەبدوڵلا
sardar@telia.com

## مژدەی چارەسەری کێشەی بەرق!

کێشەی نەبوونی بەرق واتە (کارەبا) لە کوردستان بۆتە کێشەیەکی سەرەکی خەڵکی؛ زانا و پسپۆڕەکانی دەرچووی کولییەی مەحوەل ئوومی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی حەربی واترلۆ. هەروەها یەکێک لە تیئورییە باوەکانی ترسەبارەت بەم قەیرانە؛ بۆچوونە زانستییەکەی مەلا ١٢ ڤۆڵتەکەی مزگەوتی ئیمام بەرقەدینە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی باران ئەویش بە هۆی غەزەبی خوا لە خەڵکی و نیشاندانی نزیک بوونەوەی رۆژی قیامەت! ئەم تیئۆرییە لە لایەن پەرلەمان تێران و هەندێ حیزبی وردە و پردەوە پشتڕاستکرایەوە و بووە هۆی ئەوەی کە ئەم جارە قۆڵی مەردانەی لێهەڵماڵن و بگەنە ئەم دەرئەنجامە:

سەرەڕای دیزە بە دەرخۆنەکردنی ئەو هەموو پارەی میللەتە بۆ سەرفکرنی پرۆژە هەمە جۆرەکان؛ نەتوانرا کێشەی کارەبا چارەسەربکرێت، بەڵام ئەم جارە لەسەر مێزاننیە و ئەرکی حکوومەتی مێردمنداڵی حەرێم ئەم کێشەیە پشت بەخوا! تاکو رۆژی حەشر چارەسەردەکرێت؛ ئەویش بە هێنانی گەورەترین کۆمپانیای نێودەوڵەتی هاوبەش لە ئیران، ئەفغانستانە و تورکیاوە بۆ دروستکردنی گەورەترین داهۆڵی بووکە بەبارانێ لەسەر هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، کە چاوەڕوان دەکرێت تونایی وزەی کارەبا ١،٥ ڤۆڵت بەرزبکاتەوە. بەڵام ئەم پرۆژەیە ئەوەندە

پێویستی بە میللەت هەیە کە بێدابڕان بچنە زیارەتی ئەو داهۆڵانە و گۆرانی بووکە بە بارانێی بە کۆرس بۆ بڵێن!

## پلانی موستەقبەلی:

دوابەدوای پێکهێنانی دەوڵەتی تازە و نەمانی ئاستەنگەکان لە بەردەم حکومەتدا بۆ داڕشتنی پلان بۆ ئاینده؛ وەزیری پێشمەرگە کۆن و نوێکان رایگەیاند کە بۆ ساڵی داهاتوو خۆی ئامادەکردووە بۆ دانی خوتبەیەکی بەلەزەت لە (رۆژی ژناندا) ، ئەم خوتبەیەش بە بۆنەی چوونە ناو کەژاوەی زاوایەتی وەزیری خۆشەویستەوەیە بۆ جاری چوارەم، حەفیزهووڵا!

## عەل- مانییکان لە پێشوازی رەمەزاندا:

عەل مانییەکی نێو حوکم کە لە سەر لیستی ئیسلامییەکان کورسییەکی دەستەڵاتی دەستکەوتووە، نەمەک حەرامی نەکردووە و دەستووری داوە بە ئەندامانی حیزبەکەی کە هەموو ئێوارەیەک دوای بەربانگ لە نزیکترین مزگەوتی گەڕەک بۆ تەراییع ئامادەبن هەروەها لە ئامادەباشیشدابن بۆ دابەشکردن و بەخشینەوەی ناوساجی لە بیست و حەوتی رەمەزاندا!

## خەڵاتی دەمبڵ بۆ هەزەلیترین شیعار!

بەدوای دابەشکردنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ بۆ باشترین ئەدیبی جیهان؛ خەڵاتی دەمبڵ بۆ باشترین و هەزەلیترین شیعاری سەرەتای قەڕنی بیست و یەک دابەشکرا، ئەم خەڵاتەش شموولی ئەم دوو شیعارەی کرد: یەکەمیان( الحسود و لایسود.. بەخێربێیت هاوڕێ مەسعود) شیعاری رابیتەی ئیسلامی بۆ بەخێرهاتن و سەردانی مەسعوود بارزانی بوو بۆ سلێمانی. دووەمیان (بوش بوش یاجبان یا عمیل

الامریکان) شیعاری عەشاییەرەکانی جنووبی عێراق بوو لە کاتی جەنگی کەنداودا.

# کۆمپانیای ئاسکرێم تێل بەم زووانە دەستبەکاردەکات!

بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخی تەلەفۆن لە سەر هاووڵاتیانی کوردستان لە لایەن کۆمپانیای کورد- پەروەرەوە، زۆر لە خەڵکی ئیشتراکەکانیان گەڕاندەوە و هێڵەکانی خۆیان بڕی. هەر ئەمەش وای لە کۆمپانیای خۆماڵی و میللی ئاسکرێم تێل کرد کە بۆ هەرزانکردنی نرخی پێوەندیگرتنی تەلەفۆن و ئینتەرنێت دەستبەکاربێت، ئەم کۆمپانیایەش بەم زووانە دەستدەکات بە دابەشکردنی ئامێری تایبەتی خۆیان کە تەنیا لە سەر سیستێمی تایبەتی ئاسکرێم تێل کاردەکات، ئامێرەکەش پێکهاتووە لە دووقاپی ئاسکرێم و بەکرەیەک دەزوو؛ هەرکەسێکیش خوازیاری دانانی ئینتەرنێتی هەبوو ئەوا دەتوانیت لە بری بەکرە دەزووی بەغا یا بەنی کوردی لە قاپەکانی بەستێت!